**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ١٩٤٠ لە ٢٠٢١/١١/٢٢**

بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٠) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و بڕگەکانی ماددەی (٤٥) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکـــردن**

**ماددەی (١) : ئامانج و پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوەو دەستەواژانەی هاتووە واتاکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

**سێیەم: فەرمانگەی پەیوەندیدار:** فەرمانگەی کاروباری هونەری و فەرمانگەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**چوارەم: ئاژەڵی کێوی**: ئەو گیانلەبەرانەن کە لە ژێر چاودێری مرۆڤدا ناژین، بەڵکو لە بیابانەکان یان دارستانەکان یان بە شێوەیەکی گشتی لە وشکانیدا دەژین .

**پێنجەم: ڕاوکردن**: ڕاوکردنی گیانلەبەری کێوی.

**شەشەم: ڕاوچی:** ئەو کەسەیە بە یاسا ڕێپێدراوە بە ڕاوکردن.

**حەوتەم: پاراستەی سروشتی ژینگەیی**: مەبەست لە پاراستەی سروشتی ژینگەیی هەر ڕووبەرێك لە زەوی یان ئاوی دەگرێتەوە کە ڕەهەندێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە و سیستەمێکی سروشتی تایبەت لەخۆ دەگرێت، یان چەند زیندەوەرێك هاوژیانن لە سیستەمێکی ژینگەیی دیاریکراودا، هەندێکیان دوچاری هەرەشەی لەناوچوون و داروخان و بنبڕبوون دەبنەوە. وە تێڕوانینی بۆ دانانی بەهای ئەو سیستەمانە لە لایەنی رۆشنبیری و زانستی و گەشت و گوزاری یاخود جوانی، وە بەمەبەستی پاراستن و بەردەوام بوونی سروشتی ژینگەیی پاراستنی یاسایی بەسەردا دەسەپێندرێت .

**هەشتەم: لیژنە**: پێکدێت لە سەرۆکی دەستە و بەرێوەبەری فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

**ماددەی (٢): ئامانج لەم ڕێنماییە:**

**یەکەم**: پاراستنی سروشت بەهەموو پێکهاتەو ڕەگەزەکانیەوەو هەریەکە لە گیانلەبەران و باڵندەو ماسیەکان و هتد...

**دووەم**: پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی سروشتی و ژینگەیی لە هەرێم.

**سێیەم:** ڕێکخستنی ڕاوکردنی گیانلەبەران بە هەموو جۆرەکانی.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەپێی ئەم ڕێنمایییە لیژنەیەکی هەمیشەیی پێکدێت تایبەت بە ڕێکخستنی ڕاوکردن ناودەبرێت بە (لیژنەی کاروباری ڕاو).

**دووەم:** لیژنە هەڵدەستێ بەم ئەرکانەی خوارەوە:

أ- قەدەغەکردن و دیاریکردنی (سنوردارکردنی) کات و شوێنی ڕاوی هەندێ لە گیانلەبەران.

ب- دیاریکردنی جۆری چەکی ڕاوکردن و کەرەستەکانی ڕاو.

ج- دیاریکردنی جۆر و بەهای ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و گیانلەبەری( ئاویی و وشکانی) بەهەموو جۆرەکانی بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان لە کاتی ڕاوی نایاسایی.

د- سەپاندنی پێبژاردنی دارایی.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** تەنها ڕێگە دەدرێت بەو کەسانەی کە مۆڵەتی ڕاویان هەیە لەکات و شوێنی دیاریکراو لەلایەن لیژنەوە.

**دووەم:** لیژنە جۆری تۆڕی ڕاوی ماسی بە خەسڵەتی تایبەت دیاری دەکات و نابێت فراوانی خانەکانی تۆڕ لە (٦)سم کەمتر بێت، وەنابێت بۆ هەرکەسێك ژمارەی قولابەکانی لە (١٠) قولاب زیاتربێ .

**سێیەم:** کڕین و فرۆشتن و بازرگانی کردنی گیانلەبەران بەپێی مۆڵەتی لیژنەی ڕاو و ڕێککەوتننامەی سایتس دەبێت.

**چوارەم:** دامەزراندنی باخچەی ئاژەڵان و کڕین و فرۆشتنی گیانەلەبەران بەپێی مۆڵەتی لیژنە دەبێت، پێویستە گیانلەبەرەکان بڕوانامەی پەسندکراوی (سایتس)یان هەبێت.

**پێنجەم:** پێویستە زیادکردنی گیانلەبەرانی کێوی لە ڕێی پیتاندنی دەستکردەوە بە ڕەزامەندی هەریەکە لە دەستەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ڤێرتێرنەری و سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان بێت.

**شەشەم:** ئازادکردنی گیانلەبەران و باڵندەی کێوی و خشۆکەکان لەلایەن هەر لایەن و ڕێکخراوێك، بەرەزامەندی دەستە دەبێت.

**ماددەی (٥): ئەمانەی خوارەوە قەدەغە دەبێت:**

**یەکەم :** بەکارهێنانی چەك ڕەشاش وە نیوە ڕەشاش.

**دووەم:** بەکارهێنانی ڤڕکەری کیمیایی و ژەهرەکان.

**سێیەم :** بەکارهێنانی تەزووی کارەبا.

**چوارەم:** بەکارهێنانی چەکی سەرپڕ(قورمە) و هەموو جۆرە چەکێك کە کالیبرەکەی (٦)ملم یاخود (٢٤٠) ئینگلیزی کەمتر بێت بۆ ڕاوی شیردەرەکان یان هەر چەکێکی ڕێگە پێنەدراو بە بەکارهێنانی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار.

**پێنجەم:** ڕاوکردن بۆ شیردەرەکان و باڵندەکان لە کاتی دانیشتن لە سەنگەر نزیك کانیاوەکان و شوێنی ئاو خواردنەوەیان.

**شەشەم:** ڕاوکردن لە کاتی جووت بوون و زاوزێ بۆ شیردەرەکان لە ڕێکەوتی (٢/١٠)ی هەموو ساڵێك تا (٩/١٠) بۆ گیانلەبەرە شیردەرەکان.

**حەفتەم:** ڕاوی باڵندە بە هەموو جۆرەکانی کێوی و کەنار ئاوی لەکاتی زاوزێ و زیادبونیان لە ڕێکەوتی (٣/١٠)ی هەموو ساڵێك تا (٩/١٠).

**هەشتەم:** ڕاوکردنی پڵنگ و مامز و ئاسك و مەڕ و بەرانە کێوی و وورچ و کەمتیار و جۆرەکانی تری ئاژەلە دەگمەنەکان کە مەترسی لە ناوچونیان لە سەرە بەپێی لیستی (IUCN) جیهانی قەدەغەیە بەمەبەستی پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی.

**نۆیەم:** بەکارهێنانی چەکێك کالیبرەکەی (٦) ملم یاخود (٢٤٠)ی ئینگلیزی.

**دەیەم:** هەموو جۆرە ڕاوکردنێك یەك کاتژمێر پێش خۆرئاوابوون و کاتژمێرێك پێش خۆرهەڵاتن .

**یازدەم:** بە کارهێنانی ئوتۆمبێل و رووناکی دەستی یان رووناکی بەهێز.

**دوازدە:** بەکارهێنانی هەموو جۆرە داوێك و تەلە و تەپکە (خفك) و تۆری هەوایی باڵندە و تەزووی کارەبا مادە قڕکەرە کیمیایەکان و مادە تەقینەوەکان وە بەستنی سەدد و بەربەست .

**سێزدە:** بە زیندوویی گرتنی هەموو گیانلەبەران و باڵندە کێویەکان و بەچکەکانیان.

**چواردە:** تێکدانی هێلانەی باڵندەکان و هەڵگرتنی هێلکەکانیان .

**پازدە:** بەزیندووگرتنی هەموو جۆرە بازێك و باڵندە ڕاوکەرەکان قەدەغەیە.

**مادەی (٦):**

**یەکەم:** لیژنە ساڵانە کاتی ڕاو و جۆری گیانلەبەرانی ڕێگە پێدڕاو دیاریدەکات بەپێی بارودۆخی سروشتی و ژینگەیی و دۆخی زیادبوونی گیانلەبەرە وشکاوی و ئاوییەکان.

**دووەم:** ڕاوی گیانلەبەری ڕێپێدڕاو بۆ مۆڵەت پێدڕاوان لەوکاتانەی کە لە خوارەوە دیاریکڕاوە:

أ- ڕاوکردنی مڕاوی ساڵانە لە (٩/١٠) تاکو (٣/١٠).

ب-ڕاوی کەو وسوێسکە و قەتێ و کۆتر لە (٩/١٠) تاکو (٢/٢١)ی هەموو ساڵێك .

ج- ڕاوی کەروێشك لە (١٠/١) تاکو (٢/١) ساڵانە لە دوو کەروێشك زیاتر نەبێت.

**سێیەم:** پێویستە ژمارەی باڵندەی ڕێگەپێدڕاو بە ڕاوکردن لە (٥)دانە زیاتر نەبێت.

**چوارەم:** لیژنە بۆی هەیە چاوبخشێنێتەوە بە ڕێکەوتی ئاماژە پێکڕاو لە بڕگەی دووەم لەو مادەیە بەپێی بارودۆخ.

**مادەی (٧):**

**یەکەم:** ڕێگەنادرێت بە ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی تەنها دوای مۆڵەت وەرگرتن نەبێت بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** پێدانی مۆڵەتی ڕاوکردن لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، بەجۆرێك ڕاوکردنەکە لە سنوری ئەو پارێزگایە دەبێت کە مۆڵەتەکەی پێداوە.

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەتی ڕاو تەنها بۆ یەك جۆر گیانلەبەر دەبێت.

**چوارەم:** مەرجە بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت داواکاری پێشکەشی فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار بکرێت لە پارێزگاکەیدا، پێویستە ئەمانەی لەگەڵ هاوپێچ کرێت:

أ- وێنەیەك لە ناسنامەی باری کەسێتی یان کارتی نیشتمانی.

ب- بەڵگەنامەی مۆڵەتی چەکی ڕاو کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕێگە پێدراوە و ناویان هاتووە بۆ ئەم مەبەستە.

ج- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

د- واژووکردنی بەڵێننامە لە لایەن داواکارەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان.

**پێنجەم:** پێویستە فەرمانگەی ژینگە وەڵامی داواکاریەکە بداتەوە، لەماوەی (٢٠) ڕۆژ دوای ووردبینی لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکارییەکە، دوای ڕەزامەندی پێی رادەگەیەنرێت لەگەڵ پێدانی کارتی ڕێگە پێدان بە ڕاوکردن.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** ماوەی مۆڵەت پێنج ساڵ دەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی.

**دووەم:** پێویستە خاوەن مۆڵەتی ڕاو ساڵانە کارتی مۆڵەتی ڕاو نوێبکاتەوە، ڕێگەی ڕاوی پێنادرێت ئەگەر کارتی مۆڵەتەکەی بەسەر چوبێ.

**سێیەم:** ڕێگە پێدان و قەدەغەکردن و نوێکردنەوەی کارتی ڕاوکردن لەلایەنی پەیوەندیدار بۆ چەند وەرز و ساڵێك بەپێی بارودۆخ دەبێت.

**چوارەم:** پێویستە لەکارتی ڕاوکردن نرخ و جۆری ئاژەڵی ئاماژە پێکراو دیاری بکرێت بەپێی دیاریکردنی لیژنە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** بەپێی حوکمەکانی ماددەی چل و دوو لە یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە لە هەرێم کوردستان- عێراق ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٨ سزا دەردرێت، هەرکەسێك یەکێك لەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

أ- ڕاوکردنی بێ مۆڵەت و نەبوونی کارتی مۆڵەتی ڕاوکردن یان ڕاوکردن لە دەرەوەی سنوری دیاریکراودا یانیش دوای بەسەرچوونی ڕیکەوتی کارتی ڕاوکردن.

ب- ڕاوکردن لەکاتی وەرزی زاوزێکردنی گیانلەبەران و دانانەوەی هێلکە کە لەلایەن لیژنەی ڕاو ڕادەگەیەندرێت.

ج- تیکدانی هێلانەی باڵندە.

د- هەناردەکردنی گیانلەبەرانی کێوی بۆ دەرەوەی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی دەستە.

**هـ:** هەر فەرمـانبەرێکی ژیـنگە یـان هێزەکـانی پاراسـتنی ژیـنگە یـان پۆلیسـی دارسـتان و ژیـنگە هەڵبسـتێت بە ڕاوکردنـی گیـانلەبەران یـان خـۆی ئەنجـامی بـدات یـان هاوبەشـی بکـات بە بەکارهێنانی سیفەتە فەرمانبەرییەکەی.

**دووەم:** دیـاریکردنی پێبـژاردن بەپێـی خشـتەی هـاوپێچکراو لەگەڵ ئەم ڕێنمـاییەدا سـەبارەت بەو گیانلەبەرانەی ناویان هاتووە.

**سێیەم:** سـزاکە دوو بەرامـبەر دەبێـت لەکـاتی دووبـارەکردنەوەی کـارەکە یـان ڕاوکـردن لەنـاوچەی پارێزراوی سروشتی یان ئەو ناوچانەی پێشنیازکراون بۆ پارێزراوی سروشتی.

**چوارەم:** دەستبەسـەرداگرتنی هەمـوو هۆیەکـان و ماددەکـانی بەکارهـاتوو لە ڕاوکردنـی ڕێپێـنەدراو دادەگیرێت، وە مادده تەقێنەرەکان وەکو چەکی نایاسای (ڕێپێنەدراو) بەپێی کۆنووسی نیزامی ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

ڕێـگە دەدرێـت بەم لایەنـانەی پسـپۆڕن بە تـوێژینەوەی زانسـتی پسـپۆڕی و گشـتی لەسـەر ژیـنگەو گیانلەبەران و باڵندەی کێوی و یان هەڵگرتنی هێلکەی باڵندە لە لایەن دەستەو فەرمانگەکانی.

**ماددەی (١١):**

هەڵسوکەوت لەگەڵ گیانلەبەرانی کێوی ( ڕێوی و گورگ بەراز...هتد) دەبنە سەرچاوەی تێکدان و زیان گەیاندن بەرهەمی ئاژەڵی و ڕووەکی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو و وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (١٢):**

ئەو بـڕە پـارانەی بەدەسـت دەهێنریـت لە پێبـژاردن و ڕەسـم، لە لایەن دەسـتەو فەرمانگەکـانی دەگەڕێتەوە ژمێرەی سندوقی ژینگە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری .

**ماددەی (١٣):**

هاریکاری لە نێوان پێشمەرگەی پاراستنی ژینگەو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ژینگەو دارستان لە هەرێم و دەسـتەی ژیـنگەو گشـت دام و دەزگـا سـەربازییەکانی تـر، بەمەبەسـتی کەمکـردنەوەی زیانەکـان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ سەرپێچی کارانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٤):** خشتەی هاوپێچکراو بەشێك دەبێت لەم ڕێنمایە.

**ماددەی (١٥):** ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ هەڵدەوشێتەوە دوای بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٦):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**

**سەرۆکی دەستە**

## پاشكۆی (١)

## ئاژەڵە كێویەكان (الحيوانات البرية)

| ژ | ناوی كوردی الاسم الكردی | ناوی عەرەبی الاسم العربی | ناوی ئینگلیزی الاسم الاینكلیزی | ناوی زانستی الاسم العلمی | نرخی یەك دانە بەدینار سعر العدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پڵنگ | نمر | Leopard | Panthera pardus | ١٠ مليون |
| ٢ | تاژ پلنگ | فهد | Cheetah | Acinonyx jubatus | ١٠ مليون |
| ٣ | وورچی قاوەیی | الدب البنى | Brown Bear | Ursus arctos | ١٠ مليون |
| ٤ | وورچی رەش | الدب الاسودالاسيوى | Asian Black Bear | Ursus thibetanus | ١٠ مليون |
| ٥ | شقر - شوكا | انثى الايل | Roe Deer | Capreolus capreolus | ١٠ مليون |
| ٦ | ئاسك | غزال | Jebeer Gazelle | Gazella bennettii | ١٠ مليون |
| ٧ | مامز | غزال | Goitered Gazelle | Gazella subgutturosa | ١٠ مليون |
| ٨ | مەر و بەرانی كێوی | الخروف البرى | Wild Sheep | Ovis orientalis | ١٠ مليون |
| ٩ | كەڵ و بزنە كێوی | الماعز البرى | Wild Goat | Capara aegagrus | ١٠ مليون |
| ١٠ | پشیلەی كێوی | القط الوحشى | Wild Cat | Felis i silvestris | ١مليون |
| ١١ | پشیلەی كاراكال | القط الوشق | Caracal | Caracal caracal | ١مليون |
| ١٢ | بەراز | خنزير | Wild Boar , pig | Sus scrofa | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ١٣ | رێوی | ثعلب | Common Fox | Vulpes vulpes | ٣٠٠.٠٠٠ |
| ١٤ | رێوی بیانی | ثعلب الرمل | Sand Fox | Vulpes rueppellii | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ١٥ | سیخور | دعاج | Indian Crected Porcupine | Hystrix indica | ٢٠٠.٠٠٠ |
| ١٦ | سمورە | سنجاب | Persian Squirrel | Sciurus anomalus | ١٠٠.٠٠٠ |
| ١٧ | قارابەشە-گوركەن | | European Badger | Meles meles | ١٠٠.٠٠٠ |
| ١٨ | ژوژك | القنفذ | Brandts Hedgehog | Paraechinus hypomelas | ٥٠.٠٠٠ |
| ١٩ | كەروێشك | الارنب | European Hare | Lepus europaeus | ٢٠٠.٠٠٠ |
| ٢٠ | سەگی ئاوی | الكلب المائى | European Otter | Lutra lutra | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ٢١ | كەمتیار | ضبع | Striped Hyaena | Hyaena hyaena | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ٢٢ | گورگ | ذئب | Wolf | Canis lupus | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ٢٣ | چەقەڵ | واوى | Golden Jackal | Canis dureus | ٥٠٠.٠٠٠ |
| ٢٤ | مشكی خورما | فأر التمر | Indian Grey Mongoose | Herpestesed wardsii | ٢٠٠.٠٠٠ |
| ٢٥ | خشۆكەكان بە هەمووجۆرەكانیەوە | الزواحف بانواعها | | | ١٠٠.٠٠٠ |